


# ئایا ئەدەبی کوردی دواکەوتووە...؟

نووسینی: مامۆستا حەسەن قزڵجی

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

پێشکەش بە نووسەرانی وڵاتەکەم

گۆشەی ئەدەبی ئەم ژمارەیەمان بە یادی زانا و نووسەری هێژای کورد ماملۆستا "حەسەنی قزڵجی" بە وتارێکی ئەو دەرازێنینەوە کە لە ژمارە ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٤٩ . ١٩٧١ لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی ئورووپا دا بڵاوی کردۆتەوە.

پێویستە وەبیری خەینەوە کە بە داخەوە مانگی سپتامبری ئەو ساڵ (١٩٨٦) دوو ساڵ بە سەر کۆچی دوایی ئەم نووسەرە بەرزە ڕا دەبڕێ کە لە بەندیخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شەهید کرا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ ژمارە ٨ خەرمانانی ١٣٦٥.١٩٨٦

ئایا ئەدەبی کوردی دواکەوتووە...؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین کە ئەدەبی کوردی بە چ سەنگ و تەرازوویەک هەڵدەکێشین، لە گەڵ کام ئەدەب بەراوەردی دەکەین، و ئەدەبی کوردی بەش بە حاڵی خۆی چۆنە؟

١. ئەدەبی کوردی لە چاو چ ئەدەبێک دواکەوتووە؟ ئەدەبی کوردیش وەکوو ئەدەبی هەموو گەل و میللەتێکی دیکە بەشێکە لە سەر خانی ژیانی ئابووری کۆمەڵایەتی. وەکوو دەزانین گەلی کورد تا هەوەڵەکانی ئەم سەدەیە لە پلەی ژیانی دەرەبەگی دا بووە. لە دوای شەڕی هەوەڵی جیهانی پێوەندیەکانی بوورژوائی سەری هەڵداوە، بە تایبەتی لە دوای شەڕی دووهەمەوە کەوتۆتە بە خۆ داهاتن و هێشتا تەواو پێ نەگەیشتووە. بەم پێیە ئەدەبی کوردی تا هەوەڵەکانی ئەم سەدەیە بەشێکە لە سەر خانی ژیانی دەرەبەگی. وەکوو دەزانین هێندێ دیاردەی سەر خانی تازە لە هەناوی کۆمەڵی قەدیم دا دەتوانێ سەر هەڵدات.

لە بەر ئەوە ئەدەبی کوردی لە پێش سەدەی بیستەمیشدا هێندێ عنصری ئەدەبی بوورژوائی، و تەنانەت بوورژوا دیمۆکراتیش تێدا دەبێندرێ کە حاجی قادر کۆیی نوێنەری گرینگیەتی. بەڵام ئەوە هێشتا وەکوو گەرا وایە و نابێتە بەر هەڵەستی ئەوە کە بڵێین ئەدەبی کوردی وەکوو سەر خانی ژیانی دەرەبەگییە.

لە ئەدەبی ئەو گەلانەی کە لە پلەی سەرمایەداری پێگەیشتوودا دەژین وەکوو گەلانی وڵاتە سەرمایەدارەکانی ئورووپا و هی دیکە دواکەوتووە و لە ئەدەبی ئەو گەلانەی کە لە نیزامی سوسیالیستی دا دەژین بە چەند پلە لە دوایە.

٢. ئەدەبی کوردی بەش بە حاڵی خۆی و لە زاتی خۆیدا چۆنە، دواکەوتووە یا نە؟

ئەدەبی کوردیش وەکوو ئەدەبی میللەتانی دیکە گەلێ چەشن و شکڵ و ڕێبازی هەیە. ئەوەی کە لێرەدا ئێمە بە گرینگی دەزانین و بە بنچینەی بڕیار و قەزاوەتی دادەنین، ڕێبازی نیشتمانییە. یانی ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕووداوەکانی سیاسی و مەسەلە گرینکەکانی گەل بە گشتی دەنوێنێ. هەر وەها ڕێبازی کۆمەڵایەتییە، یانی ئەوەی لە ژیانی گشتی گەل و گیرو گرفتە جور بە جۆرەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەدوێ. و ڕێگای ئازادی و ژیانی تازە بە گەل نیشان دەدات.

پۆشکین دەڵێ: وڵات چەشنی حکوومەت، بیرو بڕوا سیمایەکی تایبەتی دەدەن بە هەر گەل و خەڵکێک کە کەم و زۆر لە ئاوێنەی شێعردا خۆی دەنوێنێ. هەر گەل و خەڵکێک شێوەی بیرکردنەوە و هەست کردن و بیرو ڕاو ڕەسم و باوێکی تایبەتی خۆی هەیە.

لە ڕاستیشدا وەزعی سروشتی کوردستان و لەت و پەت کرانی ئەو و چەشنی ئەو حکوومەتانەی کە بە سەر کوردستاندا حووکم ڕەواییان کردووە و بیر و بڕوای کوردەکان سیمایەکی تایبەتی داوە بە گەلی کورد کە لە شێعری کوردیدا خۆی دەنوێنێ و ئەم گەلە شێوەی هەست کردن و بیر کردنەوە تایبەتی و بڕوا و ڕەسم و باوی خۆی هەیە.گەلی کورد ئاشقی ئازادی و سەربەخۆییە، ئازا و نەبەزە، بڕوای بە خۆیەتی، و نیشتمانی خۆی خۆش دەوێ.

مینوورسکی لە بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا دوای باسی ئازایەتی و وریایی کوردەکان دەڵێ: زیندوویەتی فیکری کورد لەوەش دەردەکەوێ کە تەبیعەتی کوردستانی خۆش دەوێ... هیچ گاشە بەردێک یا شیو و دۆڵێک یا تاقەدارێک نیە ناوی تایبەتی نەبێ یا چیرۆکێکی لە سەر نەبێ.

بۆ میللەتێکی ئاوا، ڕووداوەکەی ساڵی (١٥١٤) کە کوردستانی لەت کردوو بەشێکی گەورەی خستە ژێر حووکمی عوسمانیەوە، تەئسیرێکی گەورەی بوو، و ڕزگار بوون لە دەست بێگانە و خەبات دژی ئیستیعماری عوسمانی بوو بە مەسەلەیەکی گشتی بۆ گەلی کورد.

ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ . ١٧٠٦) ئەم هەستە دەر دەبڕێ کە دەڵێ:

گەردێ هەبوا مە پادشا هەک لایق بدیا خودێ کولا هەک

غالب نەدەبوو لە سەرمە ئەڤ ڕۆم نەدەبوونە خەرابەی دەدست بووم

ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەسا کرد ئەڤ ڕۆم و عەجەم لە سەر مە ڕاکر

دوای خانی حاجی قادری کۆیی (١٨١٥ . ١٨٩٢) ئەم هەستەی زۆر بە درێژی و بە توندی لە شێعرەکانی خۆیدا نواندووە:

بێ نەوایانی خاکی کوردستان هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان

لە خەوی جەهل و مەستی و غەفڵەت بە خەبەر بێن بە نەغمەی ڕەحمەت

پاکی دەرچن لە کاری نا بە مەحەل ڕۆمی ڕافرێنن نۆ دەرەی ئەسفەل

ئەم ڕێبازە لە شەڕی هەوەڵی جیهانیەوە خەباتی دژی ئیستیعماری ئینگلیزیشی تێکەڵ بوو، و کەوتە شێوەیەکی گەلی هەرا و تر و تندوو و تیژتر ئیتر بیرو ڕای گشتی گۆی نەدەدا، ئەو شێعرەی کە مانای خەبات و تێکۆشانی تێدا نەبێ.

لە بەر ئەمە لە هەوەڵەکانی سەدەی بیستەمەوە کەم شاعیری کورد هەیە کە بانگەواز بۆ خەبات و تێکۆشان نەکات. وە شاعیری ئەوتۆش پەیدا بوون کە دیفاعیان لە وەرزیرەکان دەکرد و داوای زەویان بۆ دەکردن، وە هوروژمیان دەکردە سەر دەردەبەگەکان و ڕەخنەیان لە شێخ و مەلاکان دەگرت. هیچ خەبات و جوولانەوەیەکی ڕزگاریخوازی و ڕووداوێکی سیاسی گرینگی لە مەڕ کوردستان نیە کە لە ئەدەبی کوردیدا با بە کورتیش بێ دیاری نەدات.

مەسەلەن لە مەڕ پەیمانی سیفری ساڵی ١٩٢٠ کە قەراری سەربەخۆیی کوردستانی دا، ئەحمەد موختار (١٨٧٩ . ١٩٣٥) دەڵێ:

" ئەم قەراری عصبە وا خەڵکی دەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی ڕوتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

یا لە مەڕ عەدالەت و مافی ئینسان کە ئیستعمارگەرەکان دوای شەڕی هەوەڵی جیهانی تا ماوەیەک پروپاگاندەیان بۆ دەکرد دەڵێ:

اسمی وێژدان و عەدالەت بێ مسمایە و درۆ

بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەر لێوانەوە

ڕاستە گر اسمی عەدالەت بۆ چی منداڵانی کورد

ویڵ و سەرگەردان بسورێنۆ بە سەر کێوانەوە؟

دوای شەڕی دووهەمی ئەم ڕێبازە جارێکی دیکەش هەرا و بەرین بوو. شاعیر و نووسەرەکان لە گەڵ شانازی بە خەباتی ڕابردووە هەستیان بەوەش کرد کە چارە نووسی گەلی کورد پێوەندی بە چارەنووسی گەل و میللەتی تریشەوە هەیە.

سەبارەت بە مە خەباتی ئەدەبی کوردی لە دژی ئیستعمار و چەوسانەوە، لە دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەمریکا، وە بۆ هاو دەردی لە گەلی کووبا و جەزائیر و کۆنگۆ، وە دڵ خۆش بوون و پێهەڵاگوتن بە سەرکەوتنەکانی یەکیتی سۆڤیەتی و وڵاتە سوسیالیستیەکانی دیکە دا بە هەراوی دەس پێکرا، و ئاواتی سوسیالیستیش لە ئەدەبی کوردیدا جێ خۆی کردەوە.

لەم وتارەدا ئیمکانی نیە بۆ تەواوی ئەم مەبەستانە نموونە بێنینەوە. نوێنەرەکانی ئەم خەباتە ئەدەبییە لە شاعیر و نووسەرە مردووکان: پیرەمێرد، گۆران، بێکەس، سەلام، حەمدی، قانیع و هی دیکەن. شاعیرەکانی زیندووش شوکر زۆرمان هەیە. لە تەواوی ئەوەی کە گوتمان بە ڕاشکاوی

دەتوانین نەتیجە وەر بگرین کە ئەدەبی کوردی لە زاتی خۆیدا ئەدەبێکی پێشکەوتووە، و دوا ڕۆژێکی زۆر پڕشەنگدار چاوەڕوانیەتی. بەڵام لە گەڵ ئەوەش بۆ چی وەک پێویستە پەرەی نەگرتووە ئەوە باسێکی جیاوازی دەوێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سەردەمی نویێ، ساڵی یەکەم ژمارە ٨ خەرمانانی ١٣٦٥ سپتامبری ١٩٨٦

سپاس بێ سنوور بۆ سیمینی ئیفتیخاری...

فارووق فەرهاد

٢٠٢٥/٠٢/٢٤

# سەردەمی نوێ

لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەر دەچێ

خاوەنی ئیمتیاز
د. جەمشید حیدەری
سەرنووسەر
کەریم حسامی

سالی یەکەم | ژمارە ٨ | خرمانانی ١٣٦٥ | سپتامبری ١٩٨٦ | نرخی ٦ کرونی سویدیە


## میللەتی لەبیرکراو

گۆڤاری "ئەنبائی موسکو" لە ژمارە ٢٣ی مانگی ژوئینی ١٩٨٦دا بەیاننامەی گشتی کۆبوونەوەی " ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی ئاسیا و ئەفریقا"ی بلاو کردۆتەوە و دەنووسێ :

ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی ئاسیا و ئەفریقا لە نێوان ٤ و ١٧ی مانگی مای‌دا لە موسکو کۆبوونەوەی سالانەی خۆی پێک هێنا. لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی حیزبە دیموکراتەکانی شۆڕشگێڕ وجولانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و ڕێکخراوە کۆمەلایەتیەکان وجولانەوەی دژی شەڕ و کەسانی ناسراوی کۆمەلایەتی و سیاسی لە ٦٨ ولاتی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی تێدا بەشدار بوون ".

لە سەرەتاوە پێویستە وەبیری‌خەینەوە کە ئەم ڕێکخراوەیە سەر بە دەولەت و حکومەتەکان نیە. لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە دیموکرات وپێشکەوتنخوازەکانەوە پێک هاتوە ، وە سالی جارێک لە یەکێک لە ولاتەکانی جیهاندا کۆ دەبێتەوەو باسی مەسەلە گرینگ و ئالۆزەکانی جیهان دەکا .

کۆبونەوەی ئەم جارە لە موسکو لە گشت مەسەلەکانی ئەوڕۆی جیهانی کۆلیوەتەوەو لە کۆتاییدا بەیان‌نامەیەکی گشتی لە ٥٢ بەند دابلاو کردوتەوە. کاتێک مرۆڤ بە وردی سەیری نێوەڕۆکی ئەم بەیان‌نامە ٥٢ بەندیە بەکات، بۆی دەردەکەوێ کە بەشدار

بۆ لاپەری ٣

## دێر یاسینی کوردستان

ڕوژی ٢ی مانگی سپتامبری سالی ١٩٧٩ دا لە مێژوی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ڕوژێکی ڕەش و شووم و نیکبەت دەژمێردرێ . گوندی قارنێ لە مەلبەندی سندوس لە نێو کورددا بە دێریاسینی کوردستان ناوبانگی کردوە . پاش ئەوە کە ڕوژی ٢٨ی گەلاوێژی ئەم سالە ئیمام خومینی دژی میلەتی کوردی موسلمان فتوای غەزای داو بە کەلک وەرگرتن لە هەستی ویشک و بریندکی ئاینی و ڕەوتی کۆنەپەرستی، وە بە بلاو کردنەوەی بوختان و درۆی هەلبەستە پاسدار و ژاندارم و ئەرتەشی بە کوردستان وەرکرد. شارەکانی پاوە و مریوان و سەقز پەلامار دران ، بە سەدان کەسی بێ چەك و بێ تاوان کوژران و هەزاران خاو و خێزان لە ترسی بۆمباران و کوشتاری بە کۆمەل وەچیا کەوتن و ئاوارەو دەربەدەر بوون ، خەلخالی خوێن مژو پیاو کوژ بۆ لە داردانی ئازادیخوازانی کورد لە لایەن خومینی جەلادەوە کرا بە حاکمی شەرع و لە ماوەی چەند ڕۆژدا لە شارەکانی سنە و پاوەو مەریوان و سەقز و مەهاباد دەیان کەسی بە بێ مەحاکەمەو بەلگەو پرسیار گولەباران کرد .

بەربەرەکانی قارەمانانەی خەلکی کوردستان ئاگری قین و داخ لە دلی و دوژمنایەتی خومەینی دل ڕەشی بە تین تر کرد . فەرمانی دا کە کوردستان بە گشتی پەلامار بدرێ و بکەوێتە گەماروی ئابوریەوە .

ئەم جارە ئیتر تەنیا پێشمەرگەی چەکدار نەبور کە دەکەوتە بەر پەلاماری داگیرکەرانی سوپای کۆماری ئیسلامی ، بەلکو گەلی کورد بە گشتی بە پیرو

بۆ لاپەری ٢

## ئایا ئەدەبی کوردی دواکەوتوە..؟

کۆشەی ئەدەبی ئەم ژمارەیەمان بە یادی زانا و نووسەری هێژای کورد ماموستا حەسەنی قزلجی بە وتاریکی ئەو دەرازێنینەوە کە لە ژمارە ٢٥ی خاکەلیوەی ١٣٤٩ـ (ئاوریلی ١٩٨٠) لە ڕوژنامەی کوردستان چاپی ئوروپادا بلاوی کردوتەوە. پێویستە وەبیری خەینەوە کە بە داخەوە مانگی سپتامبری ئەو سال دوو سال بەسەر کوچی دوایی ئەم نووسەرە بەرزە را دەبرێ کە لە بەندیخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شەهید کرا .



### ئایا ئەدەبی کوردی دوا کەوتوە؟

"بۆ وەلامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین کە ئەدەبی کوردی بە چ مەحەك و تەرازویەك هەل دەکێشین ، لە گەل کام ئەدەب بەراوەردی دەکەین، وە ئەدەبی کوردی بەش بە حالی خۆی چۆنە ؟

١ـ ئەدەبی کوردی لە چاو چ ئەدەبێک دوا کەوتووە ؟ ئەدەبی کوردیش وەکو ئەدەبی هەموو گەل و میلەتێکی دیکە بەشێکە لە سەرخانی ژیانی ئابووری کۆمەلایەتی . وەکو دەزانین گەلی کورد تا هەوەلەکانی ئەم سەدەیە لە پلەی ژیانی دەرەبەگی دا بووە . لە دوای شەری هەوەلی جیهانی پێوەندیەکانی بورژوائی سەری هەلداوە ، بە تایبەتی لە دوای شەری دوهەمەوە کەوتۆتە بە خۆ داهاتن و هێشتا تەواو پێ نەگەیشتوە . بەم پێیە ئەدەبی کوردی تا هەوەلەکانی ئەم سەدەیە بەشێکە لە سەرخانی ژیانی دەرەبەگی . وەکوو دەزانین هێندی دیاردەی سەرخانی تازە لە هەناوی کومەلی قەدیم دا دەتوانێ سەر هەلدات .

لە بەر ئەوە ئەدەبی کوردی لە پێش سەدەی بیستەمیش دا هێندی عنصری ئەدەبی بورژوائی ، وە تەنانەت بورژوا دیموکراتیشی تێدا دەبیندرێ کە حاجی قادری کۆیی نوێنەری گرینگیەتی. بەلام ئەوە هێشتا وەکو گەرا وایە وە نابێتە بەرهەلستی ئەوە کە بلێین ئەدەبی کوردی وەکو سەرخانی ژیانی دەرەبەگی‌یە .

لە ئەدەبی ئەو گەلانەی کە لە پلەی سەرمایەداری پێگەیشتودا دەژین وەکو گەلانی ولاتە سەرمایەدارەکانی ئوروپا و هی دیکە دواکەوتووە و لە ئەدەبی ئەو گەلانەی کە لە نیزامی سوسیالیستی دا دەژین بە چەند پلە لە دوایە .

٢ـ ئەدەبی کوردی بەش بە حالی خۆی وە لە زاتی خۆیدا چۆنە ، دواکەوتوە یا نە ؟

ئەدەبی کوردیش وەکو ئەدەبی میلەتانی دیکە گەلێ چەشن و شکل و ڕێبازی هەیە . ئەوەی کە لێرە دا ئێمە بە گرینگی دەزانین و بە بنچینەی بریارو قەزاوەتی دادەنێین ، ڕێبازی نیشتمانی‌یە . یانی ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕوداوەکانی سیاسی و مەسەلە گرینگەکانی گەل بە گشتی دەنوێنێ . هەر وەها ڕێبازی کومەلایەتی یە ، یانی ئەوەی لە ژیانی

بۆ لاپەری ٦

## پاشماوەی ل ١ ئەدەبی کوردی

گشتی گەل وگیرو گرفتە جورەجورە-کانی کومەڵانی خەلک دەدوێ ، وە رێگای ئازادی وژیانی تازە بە گەل نیشان دەدات . پوشکین دەڵێ :

" ولات چەشنی حکومەت ، سەرو سروا سیمایەکی تایبەتی دەدەن بە هەر گەل و خەلکێک کە کەم و زور لە ئاوێنەی شیعردا خوّی دەنوێنێ . هەر گەل و خەلکێک شێوەی بیر کردنەوە و هەست کردن و سەرو راو رەسم و باوێکی تایبەتی خوّی هەیە " .

لە راستیدا وەزعی سروشتی کوردستان و لەت و پەت کرانی ئەو وە چەشنی ئەو حکومەتانەی کە بە سەر کوردستان دا حوکم رەوایان کردوە ورە بیرو بروای کوردەکان سیمایەکی تایبەتی داوە بە گەلی کورد کە لە شیعری کوردیدا خوی دەنوێنێ وە ئەم-گەلە شێوەی هەست کردن و بیر کردنەوە تایبەتی و بروا و رەسم و باوی خوّی هەیە .

گەلی کورد عاشقی ئازادی و سەربە-خوّییە ، ئازاو نەبەزە ، بروای بە خوّیەتی ، وە سیستانی خوّی خوّش دەویّ . سەبورێکی لە بەعلی ئەدەبی کتیبەکەیدا دوای باسی ئازایەتی و وریایی کوردەکان دەڵێ :

" زیندوییەتی فیکری کورد لەوەش دەر-دەکەوێ کە نیشتمانی کوردستانی خوّش دەوێ ... هیچ کاتە بەرتێک یا ئەو دوئێک یا ئاقە دارێک نیە ئاوی تایبەتی نەبیّ یا چیروکێکی لە سەر نەبێ " .

بۆ میلەتێکی ئاوا ، رووداوەکەی سالی (١٥١٤) کە کوردستانی لەت کردو بەشێکی گەورەی خستە ژێر حوکمی عوسمانیەوە ، تەعبیرێکی گەورەی بوو ، وە رزگار بوون لە دەست ئەگانەو خەبات دژی ئیستعماری عوسمانی بوو بە مەسەلەیەکی گشتی بۆ گەلی کورد . ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٦) ئەم هەستە دەر دەبڕێ کە دەڵێ :

" گەردێ هەبوا مە پادشاهـــەك
لایق بدیا خودێ کولاهـــەك
تالب تەختەو لە سەر مە ئەف رۆم
نەدبونە خەرابەی دەست بوم
ئەسدا ژ ئەزەل خودێ وەسا کـــرد
ئەف رۆم و عەجەم لەسەر مە راکر "

دوای خانی حاجی قادری کۆیی (١٨١٥ ـ ١٨٩٢) ئەم هەستەی زۆر بە درێژی و بە تووندی لە شیعرەکانی خوّیدا نواندوە :

" بێ نەوابانی خاکی کوردستـــان
هەر لە کاوانی تا دەگاتە شوان
لە خەوی جەهل و مەستی وغەفلەت
بەهەمەر بێن بە نەغمەی رەحمەت
پاکی دەرچن لەکاری نابە مەحەل

" رۆیی و افرێنی بۆ دەرەی ئەسفەل"

ئەم رێبازە لە شەڕی هەوەڵـــی جیهانیەوە خەباتی دژی ئیستعماری ئینگلیزیشی تێکەڵ بوو ، وە کەوتە شوێنەکەی گەلی هەراوتر و تەنەو تەوژمتر شیتر سەرو رای گشتی گوێ نەدەدا ) ئەو شیعرەی کە مانای خەبـات و تیکوشانی تێدا نەبێ . لە بەر ئەمە لە هەوەڵەکانی سەدەی بیستەمەوە کەم شاعیری کورد هەیە کە بانگەواز بـــۆ خەبات و تێکوشان نەکات . وە شاعیری ئەوتۆش پەیدا بوون کە دیفاعیان لـــە وەرزیرەکان دەکرد و داوای زەویان بۆ دەکردن ، وە هێرشیان دەکردە سەر دەرەبەگەکان و رەخنەیان لە شێخ و مەلاکان دەگرت .

هیچ خەبات و جولانەوەیەکـــی رزگاریخوازی و رووداوێکی سیاســی گرینگی لە سەر کوردستان نەبە کە لـــە ئەدەبی کوردیدا بەکورتیش بـــێ دیاری نەدات . مەسەلەی لەمــــەر پەیمانی سیفری سالی ١٩٢٠ کـــە قەراری سەربەخوّیی کوردستانی دا ، ئەحمەد موختار (١٨٧٩ ـ ١٩٣٥) وتوی :

" ئەم قەراری عەسە وا خەلکی دەڵێن
بۆ کورد نەبێ
هەر قسەی روتەو قسەش باچێتە ناو
گیرفانـــەوە
یا لە بەر عەدالەت و مافــــی
شیتیان کە شیتە مارگەرەکان دوای
شەڕی هەوەڵی جیهانی تا ماوەیەك
بڵاویان کردوە بۆ کورد دەڵێ :
" اسمی یەزدان و عەدالەت بــێ
سمایەو بڕۆ
بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەر
لێوانــــەوە
راستە گر اسمی عەدالەت بۆ چــی
سەدا لانی کورد
ویڵ و سەرگەردان بسوڕێتەوە بە سەر
کێوانـــەوە ؟

دوای شەڕی دوهەمی جیهانی ئەم رێبازە جارێکی دیکەش هەراو بەرین بوو . شاعیرو نووسەرەکان لە گەڵ ئاشتی بە خەباتی رابـــردووە هەستیان بەوەش کرد کە چارەنووسی گەلی کورد پێوەندی بە چارەنووسی گەل و میلەتانی تریشەوە هەیە . سەرەڕای بە بە خەباتی ئەدەبـــی کوردی لە دژی ئیستعمارو چەوسانە-وە ، لە دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەمریکا ، وە بۆ هاو دەردی لە گەلی کوریا و جەزائیرو کونگۆ و..... وە دڵ خوّش بوون و پێ هەڵ گوتن بـــە سەرکەوتنەکانی یەکێتی سوڤیەتی و ولاتە سوسیالیستیەکانی دیکە دا بە هەراوی دەس پێ کرا ، وە ئاواتــــی سوسیالیستیش لە ئەدەبی کوردیـــدا جێ خوّی کردەوە .

لەم وتارەدا ئیمکان نیە بـــۆ تەواوی ئەم مەسەلانە نەمـــوونە بێنینەوە ، نوێنەرەکانی ئەم خەباتە ئەدەبیە لە شاعیرو نووســـەرە مردوەکان : پیرە مێرد ، گـــوران بێکەس ، سەلام ، حەمدی ، قانیع و هی دیکە ، لە شاعیرەکانی زیندوش شوکر زورمان هەیە . لە ئـــەوای

ئەوەی کە گوێمان لە ... نین ئەتیجە ..... کوردی لە رانی خوّیدا ..... پێشکەوتوە ، وە ..... پرشنگدار چاو .... لە گەل ئەوەش بۆ چی ..... پەرەی نەگرتوە ئەوە ..... جیاوازی دەوێ .

# سوپاس

گوڤاری (سویدی-کوردی) کە سەر نوسەری کاك فەرهاد شاکەلی یە و بە زمانـــی سویدی لە ستوکهلم دەردەچـــێ و بلاو کەرەوەی "کومەڵی دەرهەنگـــی سویدی-کوردی" یە ، لە ژمارە ١ و ٢ ی مانگی یونی ١٩٨٦ ی خوّیـــدا رۆژنامەی " سەردەمی نوێ " ی بـــە خوێنەران و روناکبیرانی سویـــدی ناساندوە و لە گەل چاپکردنــــی کلیشەی رۆژنامەکە و رەسمی پێشەوا قازی محەممەد دەنووسێ :


" سەردەمی نوێ رۆژنامەیەکـــــی سیاسی یە ، لە لایەن لایەنێکـــــی نەناسراوەوە بە دو زاراوی کــــوردی خوارو سەرو لە گەل وتاری فارســـی دەردەچێ" . رۆژنامە بە کـــــی سوسیالیستی یەو شعقل و نیشانـــی رۆژهەلات (شەرق) ی پێوەیە " .

وا دیارە بە لای نووسەرانــــی بەرێزی گوڤاری سویدی-کوردی یەوە هەر رۆژنامەیەکی کوردی کـــە بێ لایەن و سەربەخوّ بێ ، لە مافی چارە نووسی گەلی کورد دیفاع بکـا ، بەرد و رامی کومەلانی زەحمەتکیشی خەلکی کوردستان نیشان بدا ، زولم و زورداری رێژیمە دیکتاتورو شوفینیە-

کاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا .... قاو بدا ، بۆ یەکێتی خەبات و .... پەیوەی حیزبە دێموکرات و حیزبـ.... سیاسیە کوردەکان تێ بکوشێ .

هەر رۆژنامەیەکی کە خەباتی .... ئیمپریالیزم و کوّنە پەرستی بە .... و رێبازی خوّی دابنێ و هەر وەك .... سەرەتای ژمارە یەك دا گوتراوە " بیرو باوەری پێشکەوتنخوازانـ.... ریز لی دەگری و لە دژی کوّنە پەرستی .... لە هەموو قالب و شکل و شێوەیەکـ.... خەبات دەکا ، دوست و دوژمنـ.... جولانەوەی رزگاریخوازی کـ.... بە ناسێنێ" . لە جولانـــەوەی .... رزگاریخوازی گەلان پشتیوانی بکا .... بە گوێرەی توانا بۆ خزمەت .... زمان و ئەدەبی رەسەنی کـــوردی .... تێ بکوشێ ، ئەوە " رۆژنامەیەکی .... سوسیالیستی یەو شعقل و نیشانـ.... شەرقی پێوەیە" . " .

ئێمە لەم شێوە ناساندنـ.... نووسەرانی بەرێزی ئەم گوڤارە سویـ.... دەکەین ، بێگومان مەبەستیان .... شێوە ناساندنەی سەردەمی نوێ .... خزمەت بوە ، بەلام خزمەت بە کێ .... بە چی خوّیان دەزانن .


هەڵوەدای ئازادی
بەشێک لە نووسین و وەرگێڕدراوەکانی
مامۆستا حەسەنی قزڵجی
ئامادەکردنی: فاڕووق فەرهاد



فارووق فەرهاد